# میدیایەکی نەخۆش !

## سالم کەریم

هەروەك هەموان ئاگاداربووین چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لەمیدیاکانی کوردستانەوە بانگ و هەرای گرتنی گرۆپێکی تیرۆریست بەناوی " گروپی تیرۆرستی شێخ زانا " بلاّو بووە ، ئەم هەواڵە هەر بەوەشەوە نەوەستا ، بەڵکو زۆربەی سەیرکەران و چاودێرانی میدیای کوردی بۆ ئەوە نغرۆ کرد کە ببن بەسەیرکەری ترسناکترین و قێزەوەنترین دیمەن لەمێژووی میدیای جیهانی و کوردیدا ، بەدڵنیایەوە ئەتوانم بڵێم هەندێك لەسەیرکەرانی ئەو دیمەنانە توشی شۆکێکی وا هاتبێتین کەبەئاسانی باری دەورنی زۆرێکیان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ سارێژنەبێتەوە. سەرباری هەرجۆرە پێداویستیەك و پاساوێك بۆ بەدناو کردن و تێگەیاندنی خەڵکی عەوام لەرادەی ئەو تاوانانە ، پیشاندان و پەخشکردنی قسەکردنەکان بەو شێوە نازانستی‌یە لەمیدیاوە دەبوایە زۆرترین قسەی لەسەر بکرابایە . ئێمە پێش ئەوەی سەروچاوی ئەو قوربانیانە ببینین چ ئەوانەی سەردەبڕێن و بێ ئابرووەدکرین لەکۆمەڵگای ئێمەدا وەیاخوود چ ئەوانەی کەدەبن بەو جۆرە گیانلەبەرانەی کە زۆر خوین ساردانە تەنیا بەلێسەندنەوەی ژیان لەبەشەرەکان ناوەست ، بگرە بەهەنجن هەنجنکردنیش دڵیان هێشتا ئاو ناخواتەوە ، پێویستە زۆربەی باس و هەڵسەنگاندنەکانمان لە زەرورەتی بلاّوکردنەوەی ووردەکاری ئەو ڕووداوە و کاریگەریەکانیەتی لەسەر کۆمەڵگا ، وەقسە لەسەر ئەوە بکەین کە ڕۆڵی میدیا دبێت لەچی ئاستێکدا کاریگەر بێت .

ڕەنگە ئەو دیمەنانە بەوە پاساو بدرێت کە ئەمە تەنیا دیتنی چەند دیمەنکی ترسناکەو بە بەسەرچوونی کات لەبیر دەکرێن ، ڕاستیەکەی ئەمە بۆ کەسێکی نۆرماڵی نێو کۆمەڵگا ڕەنگە وەلاّمێکی حازرو بێ سەرئێشەبێت ، چونکە هەر تاکێکی نۆرماڵی نێو کۆمەڵگا ، هەمیشە ئەوەشی بۆ ئامادە کراوە بۆ وەلاّمدانەوەی پرسیارەکانی دەوروبەری و ئەو دیاردەبەرچاوانەی کەلەکۆمەڵدا ڕوودەدەن چی جۆرە وەلاّمێکی بێ سەرئێشە هەڵبژێرێت ، تاك بەشێوەیەك نغرۆ کراوە تاکو جۆرە وەلاّمێك هەلبژێرێت کەکەمترین بەرپسیاریەتی و سەر ئێشە بۆ دەستەلاّت درووست نەکات. دیارە ئاگاهی عەوامی کومەڵگای ئێمە بەئەندازەیەك دوورخراوەتەوە لەووروژاندنی ئەو پرسیارانەی کەدەبنە مایەی دڵتەنگکردنی دەستەلاّت ، کە نەك بەو عاقیبەتەش ڕازیە بەڵکو ئامادەیە ببێتە تەماشاکەری دیمەنی مەرگەساتێکی لەبابەت کردارەکانی گروپی ناوبراو . ئەوەی کەجێی سەرنجبێت لەم کارەدا دەبینین سەرباری ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان توانیوتی هەندێ چەمکی شارستانی لەژیانی ڕۆژانەیدا پیشانبدات و چەندین بلاّوکراوەو گۆڤاری جۆراوجۆر و کەناڵی تەلەڤزیونی و ڕادیۆی هەبێت ، وەبەگوزەر لەوەی ئەم میدیایە لەگشتدا چەند وابەستەبن بە فلاّنە حیزب وەیاخوود فلاّنە لایەن ، ئەوە کردارەکانی گروپەکەی شێخ پەیامی ئەوەمان بەگوێدا دەدات کەکومەڵگای کوردستان ئەو بەهەشتە ئارامە نیە کە دەستەلاّتدارانی کوردستان لەمیدیا نەخۆشەکانیانەوە بانگێشەی بۆدەکەن و زۆرجاریش کاتێك بابەتێکی ڕەخنەگرانە ڕووبەڕووی دەستەلاّت کرابێتەوە ، ئەوە نوسەران و ڕەخنەگرانیان توند دەکرد لەدادگاکاندا .

کەس نیە نکۆڵی لەوە بکات کەدەستەلاّتی سیاسی لەکوردستاندا ماوەیەکی زۆرە خۆماڵی کراوەتەوە واخەریکە جیلێك لەسایەیدا پێدەگات و زۆرێکیش لەتاکەکانی ئەو جیلە خەریکە دەبن بە کەسێکی سەربەخۆ ، بۆیە ئەگەر لەتەمەنی هەندێ لەئەندامانی گروپەکەی یا شێغ وورد ببینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەکاتێك دەستەلاّتی کوردی لەکوردستاندا جێکەوتە بوو ، تەمەنی هەندێ لەپاڵەوانەکانی شێغ تەنیا چوارپێنج ساڵان بوونە ، باشە کاتی ئەوە نەهاتووە بپرسین لەهەموو ئەو دەزگایانەی کە دەستلاّتی کوردی لەسەر وەستاوە و لەپێش هەر هەمووشیانەوە ڕاگەیاندن ێ بەرپرسی سەرەکی نین لەسەرهەڵدان درووست بوونی کەسانی نەخۆشی لەبابەت شێغ و هاوەڵەکانی ، کاتی ئەوە نەهاتووە بپرسین ئەرێ ئێوە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەکانتانەوە ئاگاهی خەڵکیتان بەکوێ گەیاند ، کاتی ئەوە نەهاتووە دەزگاکانتان تاکو دامێن بدەنە بەر ڕەخنەو مەعزەرەت لەخەڵکی بخوازن بۆ ئەو فەقیرحاڵیە ڕۆشەنبیریەی کە ئێوە بەرپرسی سەرەکی بوون لێی .

ڕاستە ئێستا تەوژمی دواکەوتووی لەژێر کاریگەری کۆنسێرڤەتیڤە نوێیەکاندا لەدنیادا ڕۆژ دوای ڕۆژ کاریگەری زیاتر دادەنێت ، وەکەس نیە نکۆڵی لەوە بکات کە دنیای ئەمرۆ لەدەورانێکی پڕ لەتەم و مژاویدا دەچێتە پێشێ ، پاوانخوازی دەستەڵاتی تاقانە لەدنیادا ڕۆژ دوای ڕۆژ چاوچنۆکانەتر دەچێتە پای فەراهەم کردنی ئامانجەکانی و زۆربەی چەمکەکانی ژیانی ڕۆژانەی بەشەری ئەم سەردەمە و هەموو دەستکەوتەکانی بەشەریەت خەریکە لەنێودەچن ، بەڵام دەکرا میدیای دەستلاتدارانی کوردستان هێندە ڕەزیلانە نەچووبایە پای کارێکی ڤێزەوەنی لەبابەت پیشاندانی شێخ و دارودەستەکەی ، ئاخر ئەگەر بێت ستاندارتی میدیای وولآتانی لیبراڵی ڕۆژئاواش وەربگرین ، نەك پیشاندانی کەسی تاوانبار و تاوانەکانی شتێکی نایاسی‌یە ئەگەر تاوانبارەکە خۆی ڕازی نەبێت ، بەڵکو هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن بۆی نیە وینەی تاوانبارەکە بەشێوەی وێنەی ڕاستیش بڵاو بکاتەوە ، بۆیە لەزۆربەی ڕۆژنامەکاندا دەبینین بەشێوەی وێنەی نەخشەکێشراو ڕۆخساری تاوانباران بڵاو دەبێتەوە ، ڕەنگە ئەم دیاردەیە قسەکردنی زیاتری بوێت تاکو لەووردەکاریەکانی حاڵی بیین و نەتوانین لێردا هەموو لایەنەکانی ڕۆشن بکەینەوە ، دلنیاشم میدیای کوردی‌یش تەنانەت پەی بە هەنگاوە سەرەتایەکانی ئەو دیاردەیە نەبردووە ، بەڵام خۆ دەکرا زۆر هەنگاوی تر بگرابایە بەر ، چونکە چەند باس لەبەربەریەتی شێخ و هاوڵەکانی بکەیت و چەند زنجیرەو نمایشی ڤیدیۆی پیشانی خەڵکی کوردستان بدەیت ، هێشتا ناتوانێت تەعبیر لەدڕندەی ئەو کەسە نەخۆشانە بکات ، ئیتر ئەوەی ماوەتەوە بڵێین خەڵکێك کە دەرهاتووی ئەنفال و هەڵبجە و شەڕی ناخۆ و سەربڕینی دیلەکانی نێو ئەو شەڕانەی کەدووحیزبە سەرکیەکەی کوردستان سەپاندیان بەسەر خەڵکدا ، ئەرێ بۆچی بۆ جارێکی تریش ئەو دیمەنە ناشرینانە دەکەنە میوانی ناوەختیان ، لەباتی ئاشناکردنی خەڵکی بەدەستکەوتەکانی ئەم سەردەمەی ئێستا و پێشکەشکردنی بەرنامەی پەروەردەی دوور لەگاریگەری دین و بۆنە تەقلیدیەکان و فێرکردن و ئاشناکردنی خەڵکی بەو نوسینە تازانەی کەدەبنە مایەی دەستەبەربوون لەژیانی شیاوتر بۆ بەشەریەت ، چەند زەرووره خەڵکی بەوە قەڵس بکەن کە بزانن جەنابی شێخ چۆن نیچەراکانی قەسابی کردووە ، باشە ئێوە لەکوێ بوون ، زانیاری و پاراستنەکەتان دەرکەوت بۆ پاراستنی خۆتان دەوروبەرکەتان بوو ، ببوررن تەنانەت ڕەنگە ئەوەشی بەپێی پێویست پێ نەکرابێت .

یەکێك لەپێشمەرجەکانی سەرکەوتنی هەر میدیایەك بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێت لەناو خەڵکدا و کاریگەری باش و پێشکەوتووی هەبێت ، ئەوەیە کە " ئۆڤەر ئمبیشن " نەبێت " واتا پسپۆرانی پشت ئەو میدیایە تموحەکانیان لەسەرووی پێویستەوە نەبێت و هەوڵبدەن هەنگاوی گەورە نەخنە بەردەم ئاگاهی خەڵکی ، کەچی زۆر بەپێچەوانەوە لەدەورەی ڕابردوودا میدیای کوردی نەك ئۆڤەر ئیمبشن نەبووە ، بەڵکو زۆر کوورتر و دواکەتووتر لەئاگاهی خەڵك کاری کردووە ، میدیای کوردی ئەوەی بەخەڵك پیشانداوە و ڕایگەیاندوە کە چەند مزگەوت لەکوردستان دروست کراوە ، دانیشتنەکانی وەزارەتی ئەوقاف چەند بەسەرکەوتووی بەڕێوە چووە ، سکرتێری فلاّن حیزب چەند بەحەسرەتەوە ئەشکی بۆ ئاخووندێك ڕشتووە ، چەند سەردانی مەزرگای فلاّنی کردووە و ... هتد ، ڕەنگە جار جارەش لەپاڵ ئەم شتانەشدا هەندێ بەرنامە پێشکەش کرابێت ، بەڵام لەچاو برەودان بەدواکەوتووی و گیلکردنی خەڵك ئەو بەرنامانە مشتێك بوونە لەخەروارێك ، بۆیە دەکرێت بپرسین ئێستا بیری جێکەوتەی خەڵك و ئاگاهیان لەکوردستان بەکوێ گەشتووە ، ئەو کەناڵە حیزبیانەی کەبەناچاری ئەبێت ئێمە لەبری میدیایەکی سەربەخۆی کوردی چاویان لێبکەین ئەجیندایان چی بوو لەدەساڵی ڕابردووی دەستەڵاتیاندا بۆ بەرگرتن بە کۆنەپەرستی و ئەو بیرانەی کەدەبنە کۆسپ لەبەردەم هەرپێشکەوتنێکدا ، میدیای کوردی چەند بووە مینبەری کەسانی پێکەوتوخواز و ڕۆشەنبیر بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕەوشی کومەڵگا ، ڕاستیەکەی میدیای کوردی نەك ئەم کارانەی نەکرد ، بێگومان ئەتوانین بەئاسانی بڵێین ئازاردەرێکی ڕۆحی بووە لەپیشاندانی زۆر دیمەنی خراپ بەتایبەت ئەو بابەتەی شێخ و هاوەڵەکانی.

بەناچاری بەتووڕە بوونێکی زۆرەوە ئێمەی بینەر قبوڵی سەیرکردنی ئەو دیمەنە دژە ئینسانیانەمان کرد ، باشە مافی خەڵکی نیە کەبزانن ئەم جۆرە کارانە لەئاکامی چی جۆرە هەلومەرجیکدا پەیدا بوون ، هۆی چیە خەڵکانی لەبابەت ئەو جانەوەرانە لەکوردستاندا ، هەروەك هاوسەری شێخ دەڵێت موحتەرم و موعەزەز ژیان دەکەن ، زۆریش ڕێزیان لێگرتووە ، ئاخر بۆچی

بەخەڵکی ناڵێن ئەو بڕە پارەیەی کە وەك بودجە بۆ تەکیەو خانەقاکانی شێخ و رەئیس عەشیرەت و فالچی .... هتد خەرجی دەکەن چەندە ، مەگەر بەخەرجکردنی ئەو بڕە پارەو پولە نیە دیوخانەکانیان گەرم دەکەن ، ئەمە لەکاتیکدا دوو ئافرەت لەبرسا دەمرن لەناوجەرگەی شاری هەولێردا .

دروست بوونی شێخ کارێکی خوودبەخوود و لەپردا و بێ پێشینە نیە ، بێگومان شێخ زاناکان ڕەواڵەتێکی بەرچاوی کۆمەڵگان و ئەبێت ئەوەمان قبوڵ بێت کە ئەم دیاردەیە نەخۆشیەکی کۆمەلأیەتیە و لەپەنای دەستەلأتی کوردیدا سەری هەڵداوە ، بۆیە ئەرکی میدیا لەبن بڕکردنی نەخوشیە کۆمەلأیەتیانەدا بەشی شێریە ، بۆیە ئەگەر بڕیارە ڕێژەی تاوانکاری شێخەکان کەمببێـەوە پێویستە میدیا ئاڵوگۆڕی ڕیشەی لەخۆیدا نیشانبدات ، زۆر بوێرانە ڕەخنە لەوە بگرێت کە دەستەلأت تاکو ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت باوەشێنی بیری کۆنەپەرستی و کۆنەپەرستان دەکات ، وەئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگا بەبارێکی مەدەنی سکۆلاردا ببرێت ئەوە پێویستە میدیا ببێتە مینبەری بلأوکردنەوەی بیری پێشکەوتوخوازی و مرۆڤدۆستانە لەبری پیشاندانی ئەو دیمەن و سەرگوزشتانەی کەپڕن لەبێ حورمەتی بەبەشەریەت .